# کولتووری ژینوساید:

## هابیتوسی کولتووری، ئەندازیاری نەتەوەیی و دۆکسای ئایینی[١]

کازیوە ساڵح*

ئـــەم کتێبە نووســـینی دوکتـــور کازیوە «ساڵح»ــــە و لـــە لایـــەن وەشـــێنەری نێودەوڵەتـــی (ڕاوتڵـــج )ەوە، لە دوو توێی دوانـــزدە بەش و ٣١٤ لاپـــەڕەدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

بـــەر لـــەوەی دەربـــارەی ناوەڕۆکی کتێبەکە بـــە کورتی بدوێیـــن، بە چەند دێڕێک باس لەوە دەکەین بۆ هەڵاواردنی تێگەیشـــتنی هەڵە لە وەرگێران، پێویستە هـــەردوو چەمکـــی هابیتۆس و دۆکســـا وەکـــوو خۆیـــان دابنرێنـــەوە. ئەمانە دوو چەمکـــی فەلســـەفەی کۆمەڵایەتین و لە ڕوانگەی کۆمەڵناس و بیریاری فەڕەنسی (پییێـــر بۆردیـــۆ )وە بەکار هێنـــراون. لە کتێبەکەدا کۆمەڵێک پێناسەیان بۆ کراوە، کورتترینیان: دۆکسا ئەو ڕاستییە پرسیار نەکراوانەیە کە کۆمەڵگا وەکوو شـــتێکی سرووشتی و ئاسایی وەریدەگرێت. دۆکسا جیـــاوازە لە دۆگما، بەڵام هەردوو چەمک لە ناو یەکدا کاران. لەبەر ئەوەی دۆگماش وەرگێرانی بۆ نەکراوە، چاکترە دۆکســـاش وەرگێرانی بۆ نەکرێت.

نووسەر بەم کۆدە دەتباتە نێو کتێبەکە و گفتوگۆکانەوە:

«ســـەبارەت بـــە بەشـــداریی ئەکتەرە دەوڵەتییـــەکان (State actors) لـــە ژینوســـایدی کوردەکاندا، بە شێوەیەکی باو لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان دەبیستین کە تاوانباران تەنیا «عەبد ئەلمامور» بوون- یان بە واتایەکی ڕســـتەیی لە عەرەبییەوە وەرگێڕدراو: «مـــن کۆیلەی فەرمانڕەوام». بە واتایەکی تر تاوانباران تەنیا فەرمانیان جێبەجـــێ دەکـــرد و تەنیـــا کارەکانیان ئەنجامـــدەدا، ئەوان تاوانێکیان نییە، تەنها فەرمانیـــان پێکراوە. ئایا ئەم لێدوانە جێی متمانەیە؟»

لـــە ڕێگـــەی خوێندنـــەوەی ڕەفتار و نێتـــی قســـەکەر و ژێـــر ڕکێفکەوتە و سەردەستەخستنی فەرمانکار دەمانباتە نێو دنیای دۆکسا و هابیتۆس کە دوو بنەمان لە بنەماکانی ژینوسایدی کولتووری.

لەوانەیـــە هەندێـــک پێـــی وابێت هابیتۆس کۆی خووە. بەڵام هابیتۆس تەنیا خوو نییە، بەڵکوو کـــۆی ئەو ئەکتەرانەیە کە مرۆڤ بە هۆیانەوە ئاراستەی جیهانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکات.

بۆردیۆ، وەکـــوو ئاماژە بۆ خوو، نۆرم، بەها، هەڵوێســـت، ڕەفتارەکانی گرووپێکی کۆمەڵایەتیـــی دیاریکراو (یـــان چینێکی کۆمەڵایەتی) و ژینگە دروســـتکراوەکەیان دەریدەخات.

ئەم چەمکانە و چەمکەکانی کولتووری ژینوســـاید، ئەکتـــەری مەدەنـــی (Civic actors) و ئەندازیارکردنـــەوەی نەتەوەیی بـــەکار هاتووە بـــۆ ئـــەوەی خوێندنەوەی سۆسیۆلۆژیای توندوتیژی و سایکۆلۆژیای کولتووری نەتەوەی عەرەب و کۆمەڵگەی عێراقی لەپێش و لەگەڵ بوونی بەعســـدا بخوێنیتەوە کە بوون بە هۆی توندوتیژیی سیاســـی و لەوێشەوە ژینوســـایدی کورد لـــە ناوچەکـــەدا. هەروەها پشـــتگیریی ئارگیۆمێنتـــی نووســـەر دەکـــەن، کـــە دەڵێت:ڕوودانی ژینوســـاید نابێت بخرێتە ئەســـتۆی تاکە کەس، ژینوســـایدەکانی کوردیش لـــە عێراقدا ( فەیلـــی، بارزانی، ئەنفـــال، هەڵەبجـــە و ژینوســـایدی ئێزدییەکان) کەم دەکرێتەوە ئەگەر بخرێتە ئەســـتۆی تاکە کەس وەکوو سەدام، یان تاکە حزب، وەکوو حزبی بەعس. لەوێوە لە ڕابردوو و لە ژیانی ڕۆژانە، سیاسەت، مۆراڵ و ڕەفتاری عەرەب و ئایینیان دەکۆڵێتەوە.

ئـــەم کتێبە لە دوو بەش پێک هاتووە . بەشـــی یەکەم تیۆرییە و چەمکســـازی و شـــیتەڵی ئەو چەمکانـــەی لەخۆگرتووە کە نووســـەر خۆی دروســـتی کردوون و دەرئەنجامەکانـــی بەو نموونە و کەیســـانە

دەسەلمێنێت کە پێوەری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینی، بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای عێراقی و عەرەب بەر لە دەستبەکاربوونی حزبی بەعس دەردەخات. بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ کۆنتێکستکردنی ئەزموونەکانی تاکی کورد، لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی نیمچە پێکهاتە و ئەزموونی ژمارەیەک لە کوردانی دانیشتووی باشوور و هەندێ عەرەبیش. ئەزموونەکانی ژینوساید و چەوسانەوەی کورد دەخرێتە چوارچێوەی تیۆرییەکانی بەشی یەکەمەوە پاش پێشەکی، بەشەکانی پێک هاتوون لە

۱ پێشینە: کورتەیەک دەربارەی مێژووی کورد

بەشی یەکەم چەمکسازیی کولتووری ژینوساید

۲ ناساندنی کولتووری ژینوساید: کولتووری ژینوساید، ئەکتەرە مەدەنییەکان (Civic actors)، ئەندازیاریی نەتەوەیی.

۳ هاندانی کولتووری ژینوساید: خێڵەکییەتی، سەندرۆمی سەرکردە، پێکهاتەی کایە گشتی و تایبەتەکان.

۴ دەستپێکردنی کولتووری ژینوساید: کولتووری پێشوەختە، ترس و دڵەڕاوکێی ئەخلاقی و دۆکسای عێراقی.

۵ پەرەسەندنی کولتووری ژینوساید: ناسیۆنالیزمی عەرەبی، توندوتیژیی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئۆرێنتالایزکردنی دەرەکی.

۶ قووڵبوونەوە - جەختکردنەوەی کولتووری ژینوساید: دۆکسای ئایینی، هابیتوسی ئایین-کولتووری و ئایدۆلۆژیای دیستیک/ خودایی.

۷ جیاکردنەوەی کولتووری ژینوساید لە ژینوسایدی کولتووری: کولتووری کولتوورکوژ، کولتوورسازی و تافی سەرەوژوور.

بەشی دووەم بە کۆنتێکستکردنی کولتووری ژینوساید

۸ بە دامەزراوەییکردنی بەعسییەت و بە بەعسکردنی دامەزراوەکان: کولتووری ژینوسایدی دامەزراوەیی، خۆبەرهەمهێنانەوەی ئۆتۆپیک و کۆمەڵگەی سەربازی.

۹ کولتووری ژینوساید لە ڕێگەی زمانکوژییەوە: سیاسەتی پەروەردەی زمان، دەوڵەتی سەدامی و مردنی سەرمایەی زمانەوانی.


۱۰ کولتووری ژینوساید لە پەروەردەی ئاسمیلەکراو: نەهێشتنی نەخوێندەواری، بە بەعسکردن و سەربازیکردنی پەروەردە و سیاسەتی ژمارەدان بە ناسنامە.

۱۱ کولتووری ژینوساید لە چوارچێوەی خاک و ئەندازیاریی دیموگرافیدا: دەستبەسەرداگرتن، لەناوبردنی دیموگرافی و بە یاساییکردنی کردەوە نایاساییەکان.

۱۲ ئەنجام

لە پێشەکی ئەم کتێبەدا کە گوگڵ بە خۆڕایی دایناوە، نووسەر دوو خاڵی جیاواز بۆ دوو چینی جیاوازی نێودەوڵەتی دەورووژێنێت.

یەکێکیان ئاماژە بەوە دەکات، چەمکی کولتووری ژینوساید کە ئەو دروستی کردووە لە زۆر کایەدا لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوادا دەبینرێت، بۆ نموونە لەنێوان پەیوەندیی نێوان پەنابەر و وڵاتی خانەخوێی ە خوێدا، کۆمەڵگە ڕەسەنەکان و داگیرکارانی وڵاتەکانیان، لە هەموو پەیوەندییەکی کۆلۆنیالیزم و کۆلۆنیکراودا دەبینرێت، بۆ ئەوەی وردە توندوتیژییەکان گەورە نەبن و هانی توندوتیژیی دەوڵەت نەدات، پێویستە لەو خاڵەوە چارەسەر بکرێت. بەڵام وەکوو دەڵێت، «من شارەزای کولتوور و زمان و لایەنە سیاسی و مێژووی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی عێراقم، بانگی پسپۆڕان دەکەم کە ئەم لایەنە لەو




https://www.routledge.com/Genocide-Culture-Cultural-Habitus-Ethnic-Engineering-and-Religious-Doxa/Salih/p/book/9781032312583?srsltid=AfmBOopAbKkk4jcsCPGxCPpFRP-Yf3TAfN_ARvyZWRy-9DPbuUbbBTyuw

کۆمەڵگایانەی تێدا پسپۆڕن لێک بدەنەوە بۆ ئەوەی کێشەکان نەگەن بە بنبەست».

سەبارەت بە سیاسییەکانی دنیاش نووسەر ئاماژە بەوە دەدات ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بیانەوێت کێشەی عێراق کۆتایی پێ بهێنن و بیانەوێت کورد لە ژینوسایدی بپارێزن، ئەوانەی بانگەشەی پاراستنی ئایینی دەکەن، پێویستە شارەزایانە شۆڕببنەوە نێو عەقڵ و کولتوور، هابیتوسی عەرەب و بەتایبەتی تر دۆکسای عێراقی. هەرگیز کۆتاییی سەدام و حزبی بەعس کۆتاییی بە چەوساندنەوە و ژینوسایدی کورد ناهێنێت. هەروەها عێراقییەکانیش ئەگەر دەیانەوێت ئاسایشی ژیان و سەروەریی خۆیان بپارێزن، پێویستە ئەو ڕاستییانە دەربارەی مۆراڵ، ڕەفتار و کولتووری ڕۆژانە، سیاسەت و ئایینی خۆیان بزانن و بیگۆڕن. ئەگینا هەر کارێکی دی وەکوو ڕابردوو تەنیا دەبن بە بانگەشە.

باس لەوەش دەکات ئەمە یەکەم کتێبە لە زنجیرەی سێ کتێب کە ساڵانێکە کاری لەسەر کردووە، وەکوو دەڵێت: «ڕووداوەکان لە من خێراتر دەڕۆن، زۆر شت لەوانەی ٢٠١٢ لێکدانەوەم بۆ کردوون هاتنەئاراوە و بوون بە لۆژیکی ژیان لە جیهاندا نەک تەنیا لە ناو عێراقدا.

سێ لە دیارترین پسپۆڕانی ئەم بوارە بەم شێوەیە باسی ئەم کتێبەیان لەسەر بەرگەکەی کردووە:



● **پرۆفسۆر ئەندرۆ وەڵفەرد،** لە زانکۆی مانیتۆبا لە کەنەدا دەڵێت: «د. کازیوە ساڵح شیکارییەکی نوێ/ ئۆریجیناڵ پەرەپێدەدات کە چۆن جیاوازیی گرووپ و هەستی نەهێشتنخوازی دەتوانرێت لە دەروونناسیی کولتووری تاک و دامەزراوە کۆمەڵایەتییە کولتوورییەکاندا بچەسپێنرێت، ئەمەش ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی ژینوساید دەکات. کتێبەکەی یەکێکە لە یەکەم کتێبەکان کە دیدێکی باڵا و تیۆری دەهێنێتە نێو توێژینەوەی ژینوساید و لێکۆڵینەوە لە ژینوسایدی رژیمی بەعس دژی کورد.»

● **پرۆفسۆر دانیال فایرشتاین،** لە زانکۆی نیشتمانیی ترێس دی فێبرێرۆ لە ئەرژانتین دەڵێت: «ژینوساید پێویستی بە شیکردنەوە هەیە لە چوارچێوەی پۆلەکانی کۆمەڵناسیی کلاسیکدا. بە گرنگیدان بە توێژینەوەی کەیسی کورد لە عێراق، کازیوە ساڵح بەشدارییەکی گەورە پێشکەش دەکات بۆ تێگەیشتن لە کارایی و ئامانجی پراکتیزە کۆمەڵایەتییە ژینوسایدییەکان و ڕۆڵی کولتوور لە ژینوسایددا».

● **پرۆفسۆر گریگۆری ئێچ ستانتۆن** سەرۆک و دامەزرێنەری چاودێریی ژینوساید لە ئەمریکا دەڵێت: «کازیوە ساڵح لە ڕەگ و ڕیشەی کولتووری ژینوسایدەکانی کورد دەکۆڵێتەوە. کازیوە ساڵح نیشان دەدات کە دابەشبوونە سیاسییەکان دۆکسە قووڵترەکان (باوەڕی قبووڵکراو) دەگرێتەوە کە نەتەوە و ئیمپراتۆرییەتەکان دەشکێنن. لێمکین پێی وابوو کە ژینوساید کولتوورییە. ژینوسایدەکانی کورد هەوڵێک بووە بۆ لەناوبردنی کولتووری کوردی».

ئەو بەشانەی کە دەستنیشانکراون کە سوود لەم کتێبە وەردەگرن بریتین لە: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مێژووی ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست، کوردۆلۆژی و دراساتی کوردی، سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پەیوەندیی نێودەوڵەتـــی، ســـایکۆلۆژیای کولتووری، مێـــژووی ئیمپراتـــۆری و کۆڵۆنیالیـــزم، توێژینـــەوەی ئاســـایش و ســـەروەریی وڵات، ڕێکخـــراوە نێودەوڵەتییەکانی کۆچ و ڕەوەنـــدی ئاشـــتیپارێزی، توێژینەوەی ئاشتی، سیاســـەتی ڕەگەزی و نەتەوەیی، کۆمەڵناســـی و سیاســـەتی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناســـیی ڕۆشنبیری، کولتوورناسی، توێژینـــەوەی دیموگرافـــی، زانســـتە مرۆییەکان، توێژینەوەی ڕەفتارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، ڕەفتارناسی، ئانترۆپۆ لۆجی.

ئەم کتێبە لە ١٥ی ڕەزبەر (مانگی ١٠) وە لە کتێبخانەکان و کتێبفرۆشـــییەکانی دنیـــادا بڵاودەکرێتەوە و لە ٢٥ی گەلاوێژ (مانگی ٩) دەتوانرێت بە داشکانی لە سەدا بیست لە ژمارەیەکی زۆر لە ماڵپەرەکانەوە داوا بکرێـــت و بە ســـێ فۆرمـــی جیاواز دەست دەکەوێت. نووسەر ئەم کۆدەت پێ دەبەخشـــێت بۆ ئەوەی داشکانی کاتی لە سەدا ٢٠ی دەست بکەوێت.

Hb: 978-1-032-31258-3

لـــە ماڵپـــەڕی وەشـــێنەرەکە هەرزانتـــرە هەتا لە بازارەکانی دی:

https://www.routledge.com/Genocide-
Culture-Cultural-Habitus-Ethnic-
Engineering-and-Religious-Doxa/
Salih/p/book/9781032312583?srslti
d=AfmBOopAbKkk4jcsCPGxCPpF
RP-Yf3TAfN_ARvyZWRy9DPbu-
UbbBTyuw
https://www.indigo.ca/en-ca/books/
kaziwa-salih/
https://www.amazon.ca/Genocide-
Culture-Cultural-Engineering-Reli-
gious/dp/1032312580
https://peters.co.uk/book-
page/9781032312583/
Sali%C3%9Eh%2C-
Kaz%C3%AEwe/Genocide-cult
ure?search=eyJzdGFuZGFyZEZ
pbHRlcnMiOnsic2VhcmNoVGV
ybSI6eyJpc2JuIjp7InRlcm0iOi-
I5NzgxMDMyMzEyNTgzIn19f-
SwicGFnZSI6MSwic29ydCI6In-
JlbGV2YW5jZSIsInNvcnRPcmR-
lciI6IkRFU0MiLCJzb3J0SXRlbX-
MiOlt7InNvcnQiOiJyZWxldmFuY-
2UiLCJzb3J0T3JkZXIiOiJkZXN-
jIn1dLCJsaW1pdCI6MjAsImRpc3B-
sYXlGcm9tIjoxLCJleGNsdWR-
lT3JkZXJlZCI6MCwiZXhjbHVk-
ZU9yZGVyZWRGb3IiOm51bGx9
https://www.platekompaniet.no/bok/
historie-og-samfunn/historie-og-
arkeologi/historie/teori-og-metoder/
historiografi/routledge-studies-in-gen-
ocide-and-crimes-against-humanity-
genocide-culture-cultural-habits-eth-
nic-engineering-and-religious-doxa-
bok-innbundet

*. کازیوە ســـاڵح، هەڵگـــری دکتۆرایـــە لە بواری ژینوســـایدەکانی کـــورد لە عێراق و سۆســـیۆلۆژی توندوتیژی و پۆســـت-دکتۆرا لە بەشی توێژینەوەی ئۆرێنتـــاڵ، خاوەنـــی ژمارەیەک کتێبـــی چاپکراوە و لێکۆڵینـــەوەی ئەکادیمییـــە لـــە جۆرناڵـــە نێودەوڵەتییەکاندا.

1. Salih, Kaziwa. Genocide Culture: Cultural Habitus, Ethnic Engineering, and Religious Doxa. Oxfordshire, London, New York: Routledge, 2024.